## سامسۆنگ و تەنـ



تەنکتر، سووکتر، بەهێزتر و.. تاد ئەم دەستەواژانە لە تەکنەلۆژیای نوێدا بە مانای تایبەتمەندی باش دێن، بۆیە کۆمپانیاکان لە رکابەریدان ئامێرە دیجیتاڵییەکانیان وەك مۆبایل، تەبلێت، کامێرا، لاپتۆپ، سووکتر، یان باریکتر بکەنەوە.. لەم دواییەدا سامسۆنگ بە وتەی خۆی نوێترین لاپتۆپی بەرهەمهێناوە کە سووکترین لاپتۆپ دێتە ئەژمار.

لاپتۆپی جـــۆری ATIV book 9 کە کێشـــەکەی تەنیا 950 گرامە و لە کیلۆیەکیش کەمترە و بارستاییەکەشی تەنیا تۆزێك لە ســـانتیمەترێك زیاترە بە شاشـــەیەکی 12 ئینجییەوە خستە بازاڕەوە. لە لاپتۆپی ناوبراودا پرۆسێســـەری جۆری core M تێدایە، کە وەك دەڵێن ئەپلیش لەم پرۆسیسەرە سوود وەردەگرێت.

## پرینتەرێکی باش بۆ مۆبایلە هۆشمەندەکان




مۆبایل شـــوێنگرەوەیەکی باشـــی کامێرای دیجیتاڵییـــە، هەندێك کامێـــرای مۆبایلە هۆشمەندەکان لە کامێرایەکی ئاسایی وێنەگرتن زۆر سەرکەوتووترن، لەگەڵ ئەو پەرەسەندنەی تەکنەلۆژیای نوێش بۆ سەیرکردنی وێنەکان لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن، کۆمپیوتەر، تەبلێت، مۆبایل، کەچی هێشـــتاش وێنەی چاپ واتە وێنەی سەر کاغەز چێژ و گرنگی خۆی هەیە، گەر نیازت هەیە لەگەڵ ئەو ســـاتەی وێنە دەگرێ هەر ئەوکاتە وێنەکەت چاپ بێـــت وەك وێنە کامێـــرای پلۆراید، ئەوە دەتوانن پرینتـــەری بچووکی Prynt کە هەم وەك پارێزەرێکی مۆبایلیش دەگونجێت ســـوود وەربگرن. شێوازی وێنەگرتنی کامێراکە زۆر ئاســـانە، تەنیا دەتوانی کلیك لەســـەر دوگمەیەکی تایبەت بکەی، یان بچیتە ناو وێنەکانـــی خۆت و کام وێنەت حەز لێیە پرێنتی بکە و تەنیا لە ماوەی یەك خولەکدا وێنەکەت لەسەر کاغەز چاپ دەبێت.

## دڵەڕاوکێ و نیگەرانیت

ســـاڵی 2014 ئەگـــەر بۆ جیهانی سیاســـەت و بۆ ئێمەمانان زۆر ســـاڵێکی بـــاش نەبوبێت، بۆ جیهانی تەکنەلۆژیای ســـەردەم ســـاڵێکی بە خێـــر و بێر بووە، لەم ســـاڵەدا کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای سەردەم زۆر گرنگیان بە ئامێری تەندروستی مرۆڤداوە، مەچەکبەنـــدە هۆشـــمەندەکان کە بـــە زۆری ئەرکیان ئاگادارکردنەوەی تەندروســـتی مـــرۆڤ بووە، پەرەیان ســـەند. ئامێری spireیش هەر لە خزمەتی تەندروستی مرۆڤدایە، بەڵام تەندروســـتی رۆحـــی و دەروونی نەك تەندروســـتی جەســـتەیی کە بە زۆریش ئەم دووبەشە پێکەوە لە پەیوەندیدان. ئەویش ئاگاداربوونە لە سترێس و نیگەرانـــی و دڵەڕاوکێ، ئامێرەکـــە بە جلوبەرگی




## ـــــکترین لاپتۆپ

تایبەتمەندی باشــی لاپتۆپەکە هەر لە تەنکی و کەم کێشی دا نییە، بەڵکو کوالیتی نیشاندانیشــی گەلێك بەرزە، کورد گوتەنی لە ئاوێنەش جوانتر نیشان دەدات.. باتری لاپتۆپەکە هەتــا دە کاتژمێــر دانابەزێت ئەمــەش تایبەتمەندییەکی دیکەیە.

جگە لە لاپتۆپی ناوبراو سامسۆنگ کۆمپیوتەرێکی All in one واتــە هەموو پارچەکان لەیەکدا بەناوی ATIV one 7 خستە بازاڕەوە، کۆمپیوتەرەکە پرۆسیسەری جۆری Core i5ی تێدایە، رامەکەی هەشت گیگابایتە و هاردەکەی ترابایتێکە.. شاشــەی کۆمپیوتەرەکــە 27 ئینجــە، یەکــەم کۆمپیوتەری یەکپارچەشە کە شاشەکەی چەماوەیە.






## بەو ئامێرە بسپێرە

بەکارهێنەرەکەیەوە هەڵدەواســرێ کاتێك تێدەگات کە تووشــی نیگەرانییەکــی زۆر بووە لە رێگەی ئەپلکەیشــنێکەوە کە بە مۆبایلەوە پەیوەنــد دراوە خاوەنەکەی ئاگادار دەکاتەوە. spire پزیشکێك نییە چارەسەرت بکات، بەڵام ئاگادارت دەکاتەوە کە ئەوەندە خەفەت مەخۆ، هەناسەیەکی قووڵ هەڵکێشە و ئارامی خۆت بپارێزە.



# دۆڵابی جلوبەرگیش بوو بە زیرەک

کاتێك قاتە نوێیەکەت دەخەیە ناو دۆڵابەوە، یان کراس و پانتۆرەکەت لە کەنتۆر دەخەی، هەم قەدی ئۆتۆیان دەشکێ و هەم خۆشیان دەگەچڵێن، لەمەولا لەسایەی تەکنەلۆژیای نوێوە پێویست ناکات نیگەرانی ئەم وەزعە بیێ، کۆمپانیای LG ئامێری ڕێکخستنی جلوبەرگی بەناوی styler بەرهەم هێناوە کە ڤێرژنی دووەمی ئەم ئامێرە لە ساڵی 2015دا دەکەوێتە بازاڕەوە.

ستایلەر خۆی جل شۆر نییە، بەڵام هەمیشە جلەکان بە پاکی رادەگرێت بە جۆرێك کە هیچ جلشۆرێك ئەمە ناکات، ستایلەر دۆلاب یان کەنتۆرە.. بەهۆی هەڵمەوە جلەکان لە بۆنی ناخۆشی وەك جگەرە، بۆنی خواردن و خواردنەوەکان دەپارێزێ، جگە لەوەش بۆنێکی خۆشیشیان لێدەدات. کاتێك هەڵمی لێدەدا بە ئارامی جلەکان رادەوەشێنێ و گنج و لۆچیان ناهێڵێ.

## فیلمەکانت

یەکێك لە باشـترین پرۆگرامەکانـی گۆڕینی فیلم بە HD کە لایەنگرێکی زۆری هەیـە پرۆگرامی Winx HD Videw CO-VERTERـە، بەهۆی ئەم پرۆگرامەوە گشت فۆرماتە ڤیدیۆییەکان دەکاتە HD .... هەروەها گۆڕینی فایلی ڤیدیۆیی HD و SD بۆ یەکتر ئەنجام دەدات. دروشمی سەرەکی پرۆگرامەکە : ئاسانکاری، خێراییە.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسـێت، لە ویندۆزەکانی پێشـوو وەك XP و ڤیستا بۆ خێراکردنی کۆمپیوتەر چەند کارێك ئەنجام دەدرا، وەك دیفراگ کردن و سڕینەوەی تیمپ.... لە ویندۆز 8دا دەبێ چ بکەین؟

خوێنەری بەڕێز دیفراگ کردن واتە دەبالێك خستنەوەی بۆشایی و شوێنی فایلە سڕاوەکان بۆ خێرایی بەخشین بـە کۆمپیوتەر لە ویندۆزەکانی پێشـوو وەك me,xp vista گرنگی خۆیی هەبـوو، دەیتوانی خێراییەکی زۆر بە کۆمپیوتەر ببەخشێ.. هەروەها سڕینەوەی ئەو فایلە timpانەی کە بەهۆی کردنەوەی فایل و پرۆگرامەکان دروست دەبوون، بەڵام لە ویندۆز7 و 8دا ویندۆزەکان خۆیان ئۆتۆماتیکی ئەم کارە ئەنجام دەدەن هەروەها گۆڕانیش بەسـەر هارددا هاتووە و ئێستا کارتی SSD پێویستی بەو هەنگاوانە نییە.



# ئۆتۆمبیلی فڕۆک لە خەیاڵەوە بۆ ڕاستی

لەمێژە داهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ، هەوڵ دەدەن ئۆتۆمبیل لەسەر شەقامەکانەوە بەرەو ئاسمان ببەن، ئۆتۆمبیلی فڕۆك شوێنی ئۆتۆمبیلی دیکە بگرێتەوە!! بەڵام ئەوە تا چەندە لە خەیاڵەوە دەبێتە ڕاستی و تا چەند سەرکەوتن لەم بوارەدا بەدەست هێنراوە؟ لە ساڵی 2015دا وەڵامی بەشێك لەو چاوەڕوانی و پرسیارانە دەدرێتەوە.

نزیکەی بیست ساڵ دەبێت ئەندازیارێکی سلوڤاکی بەناوی (ستێفین کلین) هەوڵ دەدات بیرۆکەکەی خۆی بکاتە ڕاستی، تا ئێستا زۆر سەرکەوتووە، ئۆتۆمبیلی جۆری aeromobil بەرهەم هێناوە کە تا ئێستا گەیشتۆتە نەوەی سێیەمی ئۆتۆمبیلەکە. نەوەی سێیەمی ئۆتۆمبیلی ئایرۆموبیل لە ماوەی چەند چرکەیەکدا دەبێتە فڕۆکە و بە ئاسماندا دەخولێتەوە. ئۆتۆمبیلەکە لە کاتی لەسەر زەوی هەروەك ئۆتۆمبیلێکی ئاسایی وایە. فڕۆکە بچووکە بۆ نیشتنەوە پێویستی بە فڕۆکەخانە نییە، بەڵکو هەر شوێنێکی سەد مەتری ڕێك بێت، دەتوانێ بنیشێتەوە، تەنانەت لە شوێنە نارێکەکانیش توانای نیشتنەوەی هەیە. لە کاتی کێشەشدا وەك فڕۆکەی ئاسایی پەڕەشووتی خۆرزگارکردنی تێدایە..




## ...ـــــــــان بکەن بە HD

بەشێك لە تواناکانی پرۆگرامەکە ئەمانەن: پشتیوانیکردن لە CPUی چەند ناوەکی کە خێرایییەکی بەرچاوی هەیە.

- توانای لێکجیاکردنەوەی دەنگ لە فایلەکانی HD بۆ دانانی موسیقا وەك باکگراوەندی فیلم.
- کەپچەری وێنە لە فیلمی ڤیدیۆیی دانانی بە فۆرماتی JPG.
- توانای کوژاندنەوەی سیستەم بەشێوەی ئۆتۆماتیکی، پاش تەواوکردنی ئەرکەکەی.



## تێستکردنی خێرایی سایت

ئەگەر وێبلاگ، یان سایتێکی تایبەت بەخۆت هەیە، یان خۆت بەڕێوەبەری سایتێکی گرنگی حکوومی، یان کۆمپانیایەکی، بە دڵنیاییەوە خێرایی کردنەوەی سایتەکە لەلایەن ئەوانەی سەردانی دەکەن گرنگە، چونکە ئەگەر سایتێك درەنگ بکرێتەوە، بێگومان ڕێژەی ئەوانەی سایتەکە دەکەنەوە کەم دەبێتەوە. گەر حەز دەکەی بزانی سایتەکەت لە چ قۆناغێکدایە و خێرایی کردنەوەکەی چۆنە، سەرێك لە سایتی http://gtmetrix.com بدە. ئەم سایتە تێستێکی کردنەوەی سایتەکەت دەکات و ڕێنوێنی پێویست بۆ کردنەوەی سایتەکەت دەدات.